# شەوە مەستەکان



د. عەباس ساڵح عەبدوڵڵا

**پێشکەشە بەنوسەری کۆچکردوو هەمزە عەلی دەدە**

بەبزەیەکی سیحراوی و
دووچاوی پڕ لەهیواوە
بەدڵێکی پڕلەحەسرەتەوە
ودەتووت دەهاتی
ئێستا بژی..
مردن لێرەنیە کە
کەدرۆو ناپاکی لێرەنیە
ئی ئێستا بژی کەبەختەوەری
لەژێر سێبەری باڵندەکۆچکردووەکاندا
ئێستابژی..
کەعاشق بوون بەمەی
سەمایەکی سیحراویت پێدەکات
***

شوێنێ نەبوو بۆگەمەكردن
شوێنێ نەبوو بۆپیاسەكردن
كەسێ نەبوو بۆ گوێگرتن
دڵێ نەبوو بۆداڵدەدان
ئەوەی داڵدەی ئێمەیدا
ئەی حەقیقەت تۆ نەبووی
ئەی پێكەنین تۆ نەبوویت
ئەی نیشتمان تۆ نەبوویت
ئەوەی داڵدەی ئێمەی دا
خەبات و تێكۆشان نەبوو
فرمێسكی چاوە خەماویەكان نەبوو
ئەوەی داڵدەی ئێمەی دا
خەیاڵە سەركەشەكانمان بوو
لەمەستیەكەوە بۆمەستیەكی دی دەبردین
ئەوەی داڵدەی ئێمەی دا
حزووری مەستی بوو
مەستی بوولەگەڵ باڵندەكاندا
لەشەقەی باڵمان ئەدا
لەگەڵ ئەستێرەی ئاسماندا
ئاوێزانی یەک دی دەبووین
مەستی بوو دەیبردینەوە
بۆناو خەونە خۆشەكان
***
مەستی بوو نەیدەهێشت
پەڕەوازە بین
مەستی بوو نەیدەهێشت
گوێ لەئاوازی نامۆ بگرین
مەستی بوو نەیدەهێشت
یادگارەكان كاڵ ببنەوە
مەستی بوو نائومێدی لەیادی ئێمە بردەوە
رۆژە رەشەكانی لێ وون كردین
مەستی بوو مەستی..
كەبەستەڵكی قینووبوغزی توانەوە
مەستی بوو مەستی كە ئێمەی گەشانەوە...